

پەلکەزێڕینە کە بینی جلەکانی لە ئاسماندا بە ڕووی هەتاودا دەشەکێتەوە، چالاکی بۆ گەڕایەوە. لە ناکاو سەیری خوارەوەی کرد " ئای خوایە گیان ئەمە چییە!؟"
بە هەزاران منداڵ و پیاوو ژن سەیریان دەکرد. هەندێکیان بە سەرسوڕمانەوە دەیانوت: ئەمە روداوێکی ئاسمانی نامۆیە! ئای ئەمە چییە روو دەدات؟!





باکۆ کە لەناو منداڵەکاندا بوو، وتی:
بەڕاستی سەیرە! پێشتر نەمدیوە.
لاوکۆش وتی: ئێستا پەلکەزێڕینە بۆتە ئەنتیکە لە گەردووندا. پەلکەزێڕینە کە گوێی لەو قسە خۆشانە بوو،
قاقا پێکەنی و بە دەنگی بەرز وتی:
سەرتان سوڕ نەمێنێ، ئەوەی دەیبینن تەنها وشککردنەوەی جل و چارەسەری هەڵامەتە.